# دەستوری بێ مافی و ئیلحاق و هەڵاواردن

# رەخنەیەك لە "رەشنوسی دەستوری هەرێم"

نووسینی: فاتح شێخ و رێبوار ئەحمەد

## بەشی شەشەم

## جیگای ئیسلام لە رەشنوسی دەستوردا

---

### ئیسلامی بوون

### مەحەکی کۆنەپەرستیە

مێژوو نیشانیداوە، ئەزموونی زیندووی ژیانی ئەمرۆشمان زۆر روونتر و زەقتر نیشانیداوە، کە تیکەل کردنی دین و دەولەت، هەروەها هەر یاساو دەستوریك کە سەرچاوە بەریتەوە سەر دین بە گشتی و دینی ئیسلامی بە تایبەتی، دەبیتە مایەی پیشیلکردنی سەرەتاییترین ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان. لیرەدا لە پەیوەنـد بـەم پـرۆژەی دەستورەوە باسەکەی ئیمە بە تایبەتی لەسەر دەورو کاریگەری ئیسلامە لەو دەستورەدا. لە مـادەی 7ی ئـەم پرۆژەیـەدا هـاتوە دەڵـێ "ئـەم دەسـتورە جـەخت لەسـەر ناسنامەی موسلمانیتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکیکین لـە سەرچـاوە سـەرەکیەکانی یاسـادانان، هـەروەها مافـە ئاینیـەکانی مەسیحی و ئیزدی و هی دیکە لە ئازادی باوەر و پیادەکردنی ئاین دەستەبەر دەکات."

ئەم پرۆژەیە وا نیشاندەدات کە گوایە لەم بەندەدا دەستکەوتیکی گەورەی بۆ خەلکی کوردستان فەراهەم کردوە و لوتفیکی گـەورەی نوانـدوە بەرامبـەر زۆرینـەی ئـەم خەلکە، بەلام خودی کۆمەلگای کوردستان و کۆمەلگاکانی دیکەی ناوچەکە، میژوویەکی پر لە نەهامەتی و کارەسات و بێ مافیان بەدەست شەریعەتی ئیسلامیەوە بەسـەر بردووە. ئەم مادەیە وەکو دەسکەوت و ویست و ئیرادەی زۆرینەی خەلکی کوردستان نیشاندراوە، بەڵام لە واقعدا بەدەر لـە رەخنـەی ئیمـەو دروسـت بـە پیـچەوانەی ئـەو تصویرە ئاوەژوەی رەشنوسەکەوە، ئەم مادەیە و سەرجەم ماهیەتی ئیسلامی ئەم رەشنوسە، یەکیکە لە بەلگە هەرە زەقەکانی کۆنەپەرستانە بوونی ئەم رەشنوسەو هەر بەم پێیەش یەکیکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی تورەیی زۆربەی زۆری خەلکی کوردستان لەم رەشنوسەو لە "دەستوری عیراقی فیدرالیش". ئەم رەشنوسە بەدەر لە هەر شـتیکی تر هەر بە تەنها لەسەر ئەم بەندە مستەحەقی تورەهەلدانە. بەتایبەتی مادام مادەیەکی لەم چەشنە لە رەشنووسی دەستووردا هاتوەتە گۆر ئـیتر یەکسـەر خـەتی راسـت و چەپ بەسەر هەموو مافیکی ژناندا کیشراوە و تەواو! ئیتر سەرجەمی ئەو مادە و بەندانەی دی کە ناوی "ماف"ی ژنیـان پیـوە لکینـراوە یەکسـەر ئیـدیعای پروپـووچ و قیزەونن کە نەك هەر لە لایەن ژنان و خەلکانی ئازادیخوازەوە مستەحەقی تورەهەلدانن بەلکوو هەر لەپیشەوە بە حوکمی ئەم مادەی (7)ە تورەهەلدراون!

تورەیی خەلك لەم بەندە لە راستیدا زۆر بەرحەق و مەفروزە، لانی کەم هەر بەو دەلیلە سادەیەی کە نـاوەرۆکی ئـەم بەنـدە یەکیکـە لـە لیکـچونە گـەورەکانی لەگـەل دەستوری فاشیانەی بەعس و جمهوری ئیسلامی کە لە دەیان سالی رابردوودا بوونـە بنـەمای کوشـتارو ئیعـدام و کۆیلایـەتی و فاشیـزمیکی هەوسارپـچڕاو. هـەر ئیـستا کۆمەلگای کوردستان و هەموو ئەو کۆمەلگایانەی لەژیر قورسایی شەریعەتی ئیسلامیدا قەراریان گرتـووە، بەدەسـت نـەریت و یاسـای سەرچـاوەگرتوو لـەو شـەریعەتەوە دەنالیین و یەکیك لە ئاوات و ئارەزووە گەورەکانیان رزگاربوونە لەو شەریعەتە و لەو نەریت و یاساو فەرهەنگە کە لەو شەریعەتەوە سەرچاوەی گرتـووە. تـورەیی خـەلك لـەم مادەیە لە راستیدا تورەیی و نەفرەتە لەو نیزامە فاشی- ئیسلامیە کە وەك مەعجوونیکی تیکەلاو لە بەعس و جمهوری ئیـسلامی دەیانـەوێ بەسـەر کۆمـەڵانی خـەلکی عیراق و کوردستانیدا بسەپینن.

هەر دەستورو یاسایەك پشت بە شەریعەتی ئیسلامی ببەستیت، ئیتر هەموو زۆربلێییـەکی روالەتیـشی لـە بـارەی ئـازادی و یەکـسانی هاولاتیـان و دوورگرتنیـان لـە هەلاواردن و توندوتیژی، تەنها بەم بەندە، زەربی سفر دەبیت. ئیسلام ناکۆکیەکی گەورەی هەیە لەگەل ئازادی بە هەموو ماناکانیەوە. لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامیەوە، ئازادی تەنها مانای ملکەچکردنە بۆ شەریعەت و ئەحکامەکانی ئەو. لە سایەی حوکمی ئیسلامدا ئەگەر ئاتەئیست بیت ناتوانی نەك رای خۆت دەربریت بـەلکو نـاتوانی ئاتەئیست بوونی خۆت ئاشکرا بکەیت. رەخنەگرتن و رادەربرین بە شیوەی سلبی و مخالف بە ئیسلام لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە کوفر لە قەلەم دەدریت و توندترین سـزای لەسەرە. چ لە میژوودا و چ لە دنیای هاوچەرخدا، بەلیشاو رەخنەگرانی ئیسلام بە پێی شەریعەت و فتوای نوینەرانی ئیسلام کوشتار کراون.

شەریعەتی ئیسلامی بە هیچ شیوەیەك لەگەل سەرەتاییترین پیوانەی یەکسانیدا ناحەویتەوە. لە روانگەی ئیسلامەوە بە پێی ئایەتو حەدیسی زۆرو زەبەن، پیاوان لە ژنان لەبەرەوەترن، پیاوان سەردارو خاوەنو حوکمرانی ژنانن، زۆر کارو دەورو هەلس‌وکەوتو جیگاوریگای کۆمەلایەتی لە ژنان قەدەغەیە. چەند ژنە کە گوایە لەلایەن دەسەلاتدارانەوە قەیدو بەندی بۆ دانراوە، یەکیکە لە کۆتە توندەکانی دەستو پێی ژنان، بە شەریعەتی ئیسلامیو پاساوی پروپوچ هانی بۆ دراوە. لەشفرۆشیو کرینو فرۆشتنی ژنان، وەکو یەکیك لە دیاردە تالو قیزەونەکانی کۆمەلگای ئیستا، بە چەندین شیوە لەلایەن شەریعەتی ئیسلامەوە، رەواجی پیدراوە. ئەوە نەنگیەکی گەورەیە کە رەشنوسی دەستور دەیەوێ کۆمەلگای مودیرنو خەلکی پیشکەوتووی کوردستان بە پێی ئەم شەریعەتە ژیانیان لە قالب بدریت.

شەریعەتی ئیسلامی لەگەل هیچ پیوانەیەك بۆ یەکسانی تەنانەت لە نیوانی پیاوانی کۆمەلگاشدا نایاتەوە. پیرەوانی دیانەتەکانی تر، یان کەسانی بی دین، لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامیەوە مەحکومن بەوەی یان سەرانە بە ئیسلام بدەن یان دینی ئیسلام هەلبژیرن، ریگای سیەمیان لەبەردەم نیەو خوینیان حەلال دەبیت. ئەحکامەکانی ئیسلام ئەمە بە راشکاوی بەیان دەکەن، کارکردی ئیسلامیش چ بە دریژایی تاریخو چ هەر ئەوەی کە ئیستا لە هەموو ئەوجیگایانەی ئایدیۆلۆژی ئیسلام تیایدا خاوەن دەسەلاتو دەور و نفوزە، ئەم راستیەیان بە کردەوە نیشانداوە. ئاتەئیست بوون هەر لە بنەرەتەوە بە ناوی شەریك پەیداکردن بۆ خوا مەحکوم بە مەرگە، ئەو هاولاتیەی کە رۆژی لە دایك بوون بەدەر لە ئیرادەی خۆی مۆری موسلمانیتی دراوە لە نیوچەوانی، ئەگەر کاتیك گەورە بوو، ئاینێکی تر یان بێ دینی بۆ خۆی هەلبژیریت، بە ناوی "هەلگەراوە" خوینی حەلال کراوە.

ئەم پرۆژەیە دروست بە پێی شەریعەتی ئیسلامی بێ‌دینی بۆ هاولاتیان بە رەسمی ناناسیت. بۆیە لەم مادەیەدا تەنانەت کاتیك باسی مافی پیرەوانی ئایینەکانی تر دەکات دەلێ "هەروەها مافە ئاینیەکانی مەسیحیو ئیزدیو هی دیکە لە ئازادی باوەر و پیادەکردنی ئایین دەستەبەر دەکات" بەپێی ئەم دەقە ئەگەر تەنانەت باسی ئازادی بیروباوەرە "ئایینیە"کەی بە جدی بگرین، هیشتا ئەوە فەرز دەکات بە سەر هەموو هاولاتیەکدا کە دەبی دینی هەبیت، ئەگەر ئیسلام نەبیت دەبی مەسیحی یان ئیزیدی یان دینی دیکەی هەبیت. کەوایە بە پێی ئەم پرۆژەیە بە راشکاوی بواریك بۆ ئازادی ئاتەئیست بوونی هیچ هاولاتیەك نەهیلراوەتەوە.

شەریعەتی ئیسلامی لەگەل باسی ریگاگرتن لە توندوتیژی، کە لەم رەشنوسەدا جەختی کراوەتە سەر، بە هیچ شیوەیەك یەکناگرنەوە. ئیسلام خۆی دینو شەریعەتو نەریتی ئاشکراترین شیوەکانی شکەنجەو توندوتیژییە، نەك هەر بەرامبەر بە هاولاتیانی غەیرە موسلمان، بەلکو تەنانەت بەرامبەر پیرەوانی خودی ئیسلام. کوشتنو سەربرینو سەنگەسارو شەلاقکاریو دەست برینو دارکاری کردنو....لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە، دەبی بەرامبەر بە رەخنەگرانی ئیسلامو ژنانو پیاوانی "زیناکەر"و کەسانیك کە بە "دزی" تاوانبارن بەریوە ببرین. تەنانەت دارکاریکردن و لیدان بەگشتی یەکیکە لە مەرجە سەرەکیەکانی پەروەردەی مندالان بە پێی شەریعەتی ئیسلامی. ئەمە یانی هەر لە بنەرەتەوە تۆقاندن کۆلەکەی سەرەکی ئیسلامو بنەمای قەبلاندنیتی بەخەلك.

## زۆرینەی خەلکی کوردستان
## موسلمان نین

جەختکردنەکەی ئەم رەشنوسە لەسەر ناسنامەی موسلمانیتی زۆرینەی خەلکی کوردستان بە تەواوی بێ بنەماو پوچە. ئەوپەری بەلگەیەك کە بیهێنینەوە ئەوەیە کە زۆرینەی خەلکی کوردستان، لە رۆژی ئەوەلی لە دایکبونەوە، هەر بە پیی ئەو دەستورو یاسایەی کە ئیسلامی بە سەرچاوەی خۆی زانیوە، مۆری موسلمانیتی دراوە لە نیوچەوانیان. ئیستا زۆربەی زۆری ئەو خەلکە ئیسلامو شەریعەتو نەریتو فەرهەنگی ئیسلامی لە ژیانی رۆژانەیاندا هیچ جیگاو بایەخیکی نیەو تەنانەت زۆریش لیی تورەن. ئەو خەلکەی کە لە جیاتی مزگەوتو تەکیەو حوجرەو بەرمال.... عەشقی هونەرو گۆرانیو موسیقاو فلیمی غەربی "کافر"و مەی نۆشینو سەیرانگاکانو تیکەلبونی کچو کورن، ئەو خەلکەی کە نە فەرهەنگو نە جلوبەرگو نە خۆراكو خواردنەوەو هیچ شتکیان لەگەل نەریتی ئیسلامی یەك ناگریتەوە. تەنانەت ئیمەی نووسەرانی ئەم رەخنە هەمەلایەنەیە لە ئیسلام، بەپێی بەندیکی داسەپاو لە ناسنامەی هاولاتیاندا، بە موسلمانو هاودینی ئوسامە بنلادنو مەلا عومەرو خومەینیو سیستانیو موقتەدا صدر و مەلا بەشیر و شیخ زاناکان و... لە قەلەم دراوینو هەر بەم پێیەش داسەپاندنی بیروباوەرو شەریعەتی کۆنەپەرستانەی ئەوان، وەکو ریزگرتن لە ویستو ئیرادەو بیروباوەری زۆرینەی خەلکی کوردستان، بەو خەلکە دەفرۆشنەوە. ئەمە چەواشەکاریو درۆیەکی هەتا بلێی گەورەیە، ئەمە لە راستیدا بێ‌حورمەتیە بە زۆرینەی خەلکی کوردستان.

بەلام ئەگەر گریمان ئەو جەختە لەسەر موسلمانبونی زۆرینەی خەلکی کوردستان واقعیش بوایە، هیشتا ئەم مادەیە ناوەرۆکیکی زەقی فاشیستیو راسیستی هەیە. بەو بەلگەیەی کە بنەماو پیوانەی یاسا، وە سەرئەنجامیش مافی هاولاتیانو بەریوەبردنی کۆمەلگا، بەپێی دینی "زۆرینەی دانیشتوان" دیاری دەکات. لە وولاتیکدا کە ئازادیو یەکسانی لەبەرامبەر یاسا مانایەکی هەبیت، تەنانەت لە سایەی سیستەمیکی بە واقعی دیموکراتی بورژوازیشدا، دەستورو یاسا (هاولاتی) وەکو یەکەیەکی پایەیی لە کۆمەلگادا، بەدەر لەوەی بیروباوەری چیەو سوجدە بۆ کوێ دەبات یان نابات، چاوی لی دەکات، ریگانادریت هیچ شەریعەتو بیروباوەریك بە بەهانەی ئەوەی هی زۆرینەی دانیشتوانە، بکریتە بنەمای یاسا. تاوانی پیرەوانی دینو بیروباوەرکانی تر چیە، کە لەبەر ئەوەی وەکو ژمارە کەمینەن دەبی بچنە ژیرباری یاسایەك کە لە شەریعەتیکەوە سەرچاوەی گرتووەو پیچەوانەی بیروباوەری خۆیانە؟

کەوایە ئەو ئیدعایە چی بەسەر دیت کە ئەم دەستورە لە بارەی ئازادیو یەکسانی مافی هاولاتیانەوە؟ دەیکات بۆ نمونە لە بەشی مافە مەدەنیو سیاسیەکاندا لە مادەی 18 دەلی "هاولاتیان لەبەردەم یاسا، لە مافو ئەرکدا یەکسانن، بەبێ جیاوازی لە نیوانیان بە هۆی رەگەز، نیرومێ، ....ئایین......"؟ ناکرێ ئاینو بیروباوەری بەشیك لە هاولاتیان بکریتە سەرچاوەی یاساو ئیدعا ئەوەش بکریت کە هەموویان یەکسانن. ناکرێ ئیدعای قەدەغەکردنی توندوتیژی بکریتو لەولاشەوە شەریعەتی دڕندانەترین توندوتیژی بکریتە سەچاوەیەکی سەرەکی یاسا. ناکرێ بە "کافردانان" قەدەغە بکریتو لەولاشەوە شەریعەتی "بەکافردانان" بکریتە سەرچاوەی یاسا، ناکرێ باسی قەدەغە بوونی هەلاواردن بکریتو لەولاشەوە شەریعەتی هەلاواردن بکریتە بنەمای یاسا...

لە روانگەی ئینسانیو ئازادیخوازانەو هاوچەرخەوە، دەبی ئینسانیەتو مافی هاولاتیان، بەدەر لە بیروباوەریان، بنەمای دەستورو یاسا پیکبهینیت. یەکیك لە مەرجە سەرەکیەکانی ئەمەش، بە پیچەوانەی ئەم پرۆژەیەوە، جیایی دین لە دەولەتو پەروەردەو فیرکردنو قەدەغە بوونی هەموو ئەو یاساو ریسایانەیە کە لە دینەوە سەرچاوە دەگرن.

یەکیك لە پیشکەوتنە هەرە مەزنەکانی بەشەرییەتی هاوچەرخ ئەوەیە کە لانیکەم لە شۆرشی مەزنی فەرەنسا بەم لاوە، بەشیکی گرنگ و پیشکەوتووی دونیا توانیویە نیزامی دەستوور و یاسا دانان و مافی هاولاتیان لە کۆت و بەندی ئایین رزگار بکات. توانیویە دەستوور و یاسا و ماف لە دەستی درۆینەی ئیلاهی و ئاسمانی (کە هەمان دەستی قیزەونی کۆنەپەرستانی دەسەلاتداری سەر عەرز بووە) دەرکێشێ و بیخاتە دەستی بەشەر. توانیویە پەردەی تەقەدوسی ئایینی و ئیلاهی و غەیرە قابلی رەخنە بوون لەسەر دەستوور و یاسا و ماف لادا و دەستوور و یاسا و مافیش وەك هەموو شتیکی تری دەسکردی ئینسان بکاتە مەوزووعیکی ئیعتیادی قابلی رەخنە لی گرتن و قابلی ئالوگۆری دائیم. ریز و حورمەتی کەسانی وەك ڤۆلتیر و مۆنتسکیۆ و روسۆ و دەیان ناوی درەوشاوەی میژووی هاوچەرخی بەشەر بۆ ئەم پیشکەوتنە مەزنە دەگەریتەوە.

یەکیك لە بەلگە حاشاهەلنەگرەکانی کۆنەپەرستانەبوونی پرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەریم ئەوەیە کە داریژەرانی بە خەیالن بە زەبری شمشیری خویناوی ئیسلام و ئایین کۆمەلگای کوردستان و خەلکی کوردستان لە زیاتر لە دوو سەدە پیشکەوتنی بەشەرییەت دابڕن و لە ژیر حوکمی دارزیوی سەدەکانی ناوەراست و لە ژیر کۆت و زنجیری بەربەریەت و بەدەویەتی ئیسلامی دا رایانگرن.

دیارە چینی دەسەلاتداری سەرمایەدار و عەشایەری کوردستان کە خاوەنی دەسەلاتی ئیستای هەریم و پارتی و یەکیتی و "پەرلەمان"ەکەیان و هەموو "مکونات"ی هاوپەیمانیانن، بەو قەناعەتە گەیشتوون کە رۆحی ئازادیخوازانە و کەیلی نارەزایی خەلکی کوردستانیان تەنیا بە میلیشیا و میدیاکانیان پی بیدەنگ و دەستەمۆ ناکری، بۆ ئەو ئامانجە پیویستیەکی مان و نەمانیان بە ئیسلام و ئایین و بە هاوپەیمانانی وەك سیستانی و حەکیم و گشت بەرەی کۆنەپەرستی ئیسلامی و ئایینی ناوچەکە هەیە. دیارە، بۆ ئەو ئامانجە، لەپال گوللە و زیندان و دادگاکانیادا، پیویستیەکی مان و نەمانیان بە مادەی (7)ی رەشنووسی دەستوور، بە سەنعەتی ئایین، بە مزگەوتە گەورە تازەکەی هەولیر و بە ناوزەدکردنی "هەولیری پایتەخت" بە "شاری قەلا و منارە" هەیە!

بەلام سیناریۆی داسەپاندنی ئەم رەشنوسە کۆنەپەرستانەیە ناتوانی ئەو خەونانەی ئەوان بهینیتەدی! بە حوکمی پیشکەوتوویی و ئەمرۆژی بوونی کۆمەلگای کوردستان، بە حوکمی ئازادیخواز بوونی خەلکی کوردستان، بە حوکمی نەفرەت و توورەیی کۆمەلانی خەلك لە حوکمی ئیسلام، بەتایبەت بە حوکمی نەفرەت و توورەیی ژنان و گەنجان، بە حوکمی حوزوور و تیکۆشانی کۆمۆنیزمیکی رۆشن و لیبراو لە دژی ئایین و ئیسلام، بەلی بە حوکمی هەموو ئەمانە ناتوانن بەو ئامانجەیان بگەن، ئیمەو خەلکی مودیرنو پیشکەوتوی کوردستان لییان ناگەریین کە بە شمشیری ئیسلام، خەلکی ئەم کۆمەلگایە کپ و بیدەنگ و دەستەمۆ بکەن!

دریژەی هەیە